# گێچەڵەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی

**خەتاب سابیر**

13/07/2004

پاش ئەو خۆهەڵکێشانەی دەروێشە دەفبەدەستەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەرامبەریان کردم و منیان خستە خانەی درۆزنان و بەعسییەکانەوە... هێشتا من دانم بەخۆداگرت و پرەنیسپی سیاسیی و مرۆییم ڕێگەی پێ نەدام بێم و دەست بەرم بۆ کولبە ڕزیوەکانی ئەم تاقمە گومانلێکراوە . پرسم بەچەندین دۆست کرد و قسەوباسم لەگەڵیاندا کرد، لە ئەوروپا و لە کوردستان، ئایا وەڵامی چیان بدەمەوە؟، سەرئەنجام پێیان گوتم و گوێم لێگرتن کە دواهەمین دەرفەتیان بدەمێ، بەڵام بەداخەوە کاتێ نامەکەم بۆناردن، مەبەستم لەو نووسینەیە کە دواتر سکاندالەکانیان باسدەکەم ، لە کاتێکی تردا ، هەستان بۆ مەبەستی خراپی خۆیان کەڵکیان لێوەرگرت و لە بەرگرییەوە کەوتنە پاش تەقە، ئەم حیزبە خەریکە منی لێ دەبێ بەکۆماری ئیسلامی و تۆرانییەکان و کەوتووەتە شەڕێکی بێ ماناوە لەگەڵمدا، کە هەر لەئێستاو دیارە کە چەند شپرزەو بێ پرەنسیپ کەوتوونەتە هەڵپە .

بۆیە ئیتر منیش بەهەموو ئەو برادەرو دۆستانە دەڵێم کە ئەگەر پێیان وابێت، ئەم شتانەی من دەیلێم زەرەری بۆ چەپ هەیە و کۆمۆنیزمی ئەوەندەی تر پێ ڕسوا دەبێ، ئەوە زۆر بەهەڵەدا چوونە و هێشتا ئەو برادەرو کەسانە غەزەل لە گەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەکەن. ئەگەر پێیان وایە کێ سوود لە دەرخستنی سکاندالەکانیان وەردەگرێ و دژی کۆمۆنیزم بەکار دەهێنرێ! ، دەڵێم کۆمۆنیزم و مارکسیزم بەریئە لەمانە ، بەپێچەوانە با خەڵک ئەم گومانلێکراوانە بناسن، بابزانن قسەکانیان و کردەوەکانیان چ ئاسمان و ڕێسمانێکە . ئەمانە شێرپەنجەی ناو بزووتنەوەی چەپن،کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەڕاستی میکرۆب بوو بۆ کوردستان و ڕۆژێک دەسەڵاتیان ببێ لە ستالین و پۆلپۆتییەکان و شاوشیسکۆ خراپتر دەبن.

سیستانی زۆر ڕاستگۆترە لەمان، ئەو بەئاشکرا دژایەتی هەمووخواستێکی گەلی کوردستان دەکات، بەڵام ئەمان لەپەنای کۆمۆنیزمەوە گەورەترین خیانەت بە خەباتی نەتەوەیەکی ژێردەست دەکەن،موقتەدا سەدر زۆر شەریفانەتر هەڵوێستی خۆی ڕوون دەکاتەوە، ئەو بەئاشکرا کورد بە دوژمنی خواو مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدا، کەچی کک سەرەڕای ئەوەی داوای ڕیفراندۆمێکی درۆزنانەش بۆ کوردستان دەکات،بەڵام لەژێرەوەو لەناخەوە بیروبۆچۆنیان لە عەبدولباری عەتوان شۆڤینیی ترە، مەجلیسی حوکمی هەڵوەشاوە بەهەموو کۆنەپەرستی و ئەڵقەلەگوێییەکیەوە بۆ ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەیی ، هێشتا ملیان دا بەئەمری واقیع ،کە دەبێ ئەوانەی بەعس بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیی شاری کەرکوک هێناونی بگەڕێنەوە، وەلێ ئەم کۆمۆنیزمە وردەبۆرژوازییە ( ئەگەر ئەم دەربڕینەش بۆیان گونجاو بێت)،دەڵێ نابێ ئەو عەرەبە داگیرکار و تەعریبکارانە بەتۆبزی دەربکرێن و ئارەزوویان وەربگیرێ بۆ گەڕانەوە یان بۆ مانەوە لەکەرکوکدا. تاکە حیزب لە عێراقدا چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتە ناوەندی لە عەرەبە تەعریبەکانی کەرکوک هەبێت ئەم حککع ەیە، جا ئەم پیاوە شەریفانە چ ڕەبتێکیان بە ڕیفراندۆمی کوردستانەوە هەیە ، جگە لەموزایەدەی سیاسیی .

ئەمانە دەبێ ڕسوابکرێن ،هەر وەکو لە یەکی ئایاری ئەمساڵدا، ئاوارەکانی کەرکوک بەردباران و جوێنبارانیان کردن و ئابڕووی سیاسیان هەبێ جارێکی تر ناڵێن ئێمە نوێنەری ئاوارەکانی کەرکوکین. من ئەم بەشەی خوارەوەم (دواهەمین هۆشداری بەمەکتەبی سیاسیی حککع ) لەگەڵ ناوەڕۆکی سکاندالەکانیان دوو ڕۆژ پێشتر بە کەمێک دەستکارییەوە نارد بۆ ئەو حیزبە،بۆیە چەند کەسێکیان دەستی خۆیان پێشخست و بەحیساب دەمکوتم دەکەن. ، لەبەر ئەوەش کردم تا دواجار وەکو پرەنسیپ ویژدانم ئاسوودە بێت کە پێشتر بەخۆیانم گوتووە. هەرچییەکیش ڕوو دەدات ئەوە خۆیان بەرپرسن ، لە ناو کۆمەڵگای کوردستان و لە ئاست

یاساو لێپێچینەوەی یاساییدا. من باکم لەهیچ نییە، خۆم و خۆمم ،بەڵام ئەمان حیزبێکن و قسە لەچارەنووسی کۆمەڵ دەکەن، دڵنیایان دەکەمەوە مەگەر بەس بەتێرۆرکردنم بموەستێنن ، کە دڵنیاشم لە قسە زیاتریان لە دەست نایات، بەهەموویان ناوێرن سکالایەک لەسەر بکوژەکانی پێنج رۆڵەی هەژار وزەحمەتکیش کە لەسلێمانی کوژران بەرزبکەنەوە بۆ لای ئەمریکا و دادگای عێراقی ، لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی ناوێرن و جورئەت ناکەن . بۆیە بڕیارم داوە هەموو توانایەکم بخەمە گەڕ بۆ ڕسواکردنی سیاسەتە شۆڤینییەکانی کک لە کەرکوک و لە کوردستاندا.

## دواهەمین هۆشداری بەمەکتەبی سیاسیی حککع:

ئەگەر لە ماوەی 48 سەعاتدا، بەفەرمی و لە سایتی دەنگەکانەوە، حیزب و مەکتەبی سیاسیی حیزب،داوای لێبوردنم لێ نەکات لەو بێ پرەنسیپییەی عومەر خەتات کردوویەتی بەرامبەرم و بە بێ بەڵگە پێم دەڵێ درۆزن و بەعسیی و فاشیست و ڕاسیست و زۆر سوکایەتی تر، لای کەمیش داوای لێبوردنەکەتان دەبێ ئەم سێ ڕستەیەی تیادا بێ.

1- ئەوە ڕای شەخسی عومەرە و هیچ پەیوەندییەکی بە (حککع) ەوە نییە.
2- مەکتەبی سیاسیی حککع بە قووڵی و بەپەرۆشییەوە داوای لێبوردنت لێدەکات، سەبارەت بەو قسە ناسیاسییانەی عومەر کردوویەتی. ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتی ئێمەوە نییە و ڕازی نابین سووکایەتی بە کەسێک یان بە نووسەرێک بکرێت.
3- ئێمە هیچ کاتێ لەلایەن حیزبەوە،جگە لە وەڵامی سیاسیی، ڕێگا نادەین هەتا ئەو جۆرە جوێنانە لە لایەن ئەندامەکانمانەوە دووبارە ببێتەوە.

ئەم دوا هۆشدارییەش بەس لەبەر خاتری هەندێ برادەر و دۆستتان بەشێوەیەکی گشتی و، وەستا مەهدیش بەشێوەیەکی تایبەتی دەتاندەمێ ، تا دواهەمین چانستان بدەمێ .
تکایە، هەوڵمەدەن زمان و وشەکاریم بۆ بکەن بە بیانوو، بۆ نموونە واناب‌ێ و وادەبوو بهێننەوە. 48 سەعاتی تر دەینرێم بۆ میدیا جۆراوجۆرەکان و دنیاتان لێ پڕ دەکەم، بە سەدان کۆپیشی لە شاری کەرکوک و سلێمانی و هەولێردا بلاو دەکەمەوە، هەمووی 300 دۆلاری خزمەتکارتانی تێ دەچێ و کوردستانتان لێ پڕ دەکەم.
هیچ جۆرە موجامەلەیەک قبوڵ ناکەم جگە لە داوای لێبوردن !
کاتێ پێم بگوترێ ڕۆحی بەعس لە خوێنمدا هاتوچۆ دەکات، پێم بگوترێ درۆزن لەکاتێکدا ناوی کابرا دەزانن و هەرئەویش نییە کە نوێژ دەکات و هاوکاتیش تژین لە درۆزن و نوێژکەرو قومارچی.....هتد.
خۆتان و لۆژیکتان بڕیار بدەن، داوای لێبوردن ترسنۆکی نییە، داوای لێبوردن ئازایەتییەکی سیاسیی بێ وێنەیە، گوێ خەواندن و خۆدزینەوە، کارەساتتان بۆ دەخولقێنی و تەمەنی 11 ساڵی حیزبتان کەرەتی سفر دەکات.

لە دوای ئەم وەڵامە ، کادرێکیان ، هەرەشەیەکی بۆ ناردوومەو لە بەشێکیدا بەدەق دەڵێ (بەڵام ئاگادار بە دەم پیسی لەبەرامبەر حیزبێکی سیاسی دا کارێکی سادە نی یەو هەروا بۆت ناچێتەسەر، حیزبێک کە سەدان ئەندام و کادری هەیە ...بێ وەڵام لێت ناگەڕێن...دڵنیابە ئاقیبەتەکەی لەسەروچاوی خۆتدا دەشکێتەوە.... باشترە بەخۆتدا بێیتەوە......). سەیرە حیزبێک بەچاوسورکردنەوەیەک کوردستانیان جێهێشت و ڕایانکرد بۆ ئەوروپا، کەچی ئێستا ئەم هەرەشە ناوک بەتاڵانە دەکەن، فەرموون برادەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی کام شاخ هەڵدێرە بیگرن.. من بەنووسین لەسەرتان دەتانگەیەنم بەکوێ؟ و ئێوەش بەهەرەشە چی دەکەن؟.ئەوە عەرزو ئەوەش گەز.